# هەندێک کلیپ
# تەنها کاریگەری لە وێنەگرتنەکەیدایە

**دیمانە: بەکر دەروێش**

**دەڤەری گەرمیان یەکێکە لەو دەڤەرانەی کوردستان کە خاوەنی کولتوور و تایبەتمەندییەکی ڕەسەنی خۆیەتی، هەڵبەتە مۆزیک و گۆرانیش یەکێکی ئەم تایبەتمەندییە، بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر مۆزیک و سترانی گەرمیان بە باشمان زانی لەم چاوپێکەوتنە کورتەدا کاک فازڵ سەعید محەمەد کارناس و مۆزیک ژەنی شاری خورماتوو بدوێنین و ئەم چەند پرسیارەی ئاراستەکەین.**

*** کاک فازڵ کێیە؟**

-فازڵ سەعید محەمەد لە دایکبووی شاری خورماتووم لە ساڵی ١٩٦٠ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم لەم شارەدا تەواو کردوە ئامادەییم لە سەلاحەدین تەواو کرد ئێستاش ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانم لە لیژنەی خورماتوو.

*** سەرەتای ئاشنابوون و دەست بەکار بوونت لەگەڵ مۆسیقادا دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

-سەرەتای دەست پێکردنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦ ئەمێری کەمانچەم دەژن و لە ساڵی ١٩٧٩ لە ڤیستیڤاڵی لاوانی عێراق لە بەغدا بەشداریم کرد و لە ساڵی ١٩٨٠ تیپی مۆسیقای هێمن م دامەزراند و لە ساڵی ١٩٨٢ دوو گۆرانیم بۆ نازم عبید و محەمەد گەرمیانی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمار کرد کە یەکێکیان ناوی کارزان بوو ئاواز و هۆنراوەی خۆم بوو لە ساڵی ١٩٨٤ دوو گۆرانی دیکەم بۆ نازم عبید تۆمار کرد لە ساڵی ١٩٨٣ لە ڤیستیڤاڵی پارێزگاکان بەشداریمان کرد و بە یەکەم دەرچووین.



*** ئێستا و لە سەردەمی ئازادییەدا گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە گەرمیان چۆن دەبینی؟**

- بێگومان مۆسیقا و گۆرانی زیاتر ئازادە و گۆڕەپان فراوانترە بۆ هونەرمەند چونکە ڕژێمی پێشوو بە هیچ جۆرێک ڕێگەی نەدەدا هونەرمەند بە ئارەزووی خۆی شت پێشکەش بکات وە دیارە جیاوازی هەرە گەورە دەبینین.

زۆربەی شار و شارۆچکەکان تیپی مۆسیقا و گۆرانی بێژی چاکیان تیا هەڵکەوتووە.

*** تایبەت مەندییەکانی ستران و مۆزیکی گەرمیان چین؟**

-هەر دەڤەرێک تایبەت مەندێکی خۆی هەیە هەڵبەتە گەرمیان شان بەشان دەڤەرەکانی تر تایبەت مەندیکی لە مۆسیقا و گۆرانی هەیە بۆ نموونە: لە گەرمیاندا چەند مەقامێکی کوردی هەیە وەک ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و ئای ئای بەڵام لە شوێنەکانی تردا بە کاری ناهێنن یاخود لە مۆسیقادا خورماتوو لەو دەهۆڵ و زوورنا زیاتر لە گەرمیاندا بەکار دەهێنن، وەکو چۆن حەیران لە دەڤەری هەولێر و لاوک لە دەڤەری بادینان.

*** ئێستا کلیپ و گۆرانی زۆر بڵاو دەکرێتەوە چۆن ئەم کارانە هەڵدەسەنگێنی؟**

بەراستی هەندێک کلیپ و گۆرانی نوێ هەیە جێگەی خۆی لە دڵی بینەردا کردووەتەوە بەڵام هەندێکی تەنها کاریگەری لە وێنەگرتنەکەیدا، بینەر تەنها تەماشای وێنەکان دەکات و هیچ تامەزرۆیەکی هۆنەری ناشکێنێ...

*** ئێستا خەریکی چیت و چی بەرهەمێکی تازەت هەیە..؟**

ئۆپەرێتێکی منداڵانم بە دەستەوەیە بۆ تۆمارکردن و وێنە گرتنی و چەند گۆرانیەکی تازەمان بە دەستەوە هەیە بۆ گۆرانی بێژێکی لاوی شارەکەمان..